# گوتوبێژ لەڕێگەی وەرگێڕەوە

## ڕێنماییەکی کورت

Översättning till KURDISKA/SORANI av Att samtala genom tolk

## فرمانی وەرگێڕەکە

لەلایەن ڕێساگەلی ڕەووشتی پیشەیی وەرگێڕەکەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت .

وەرگێڕ ئەبێت لە کارەکەیدا ئەم ڕێساگەلە ڕەووشتییە سەرەکییانەی هەبێت کە لای خوارەوە دێن:

- وەرگێر ئەبێت هەموو شتێک وەربگێڕێت کە لە میانەی گوتوبێژەکەدا دەربڕینی لەسەر ئەکرێت و نابێت نە پەڕاندن، گۆڕین، یان لێزیادکردن بکات.
- وەرگێڕەکە ئەبێت لە دۆخی وەرگێڕانەکەدا بێلایەن بێت و لێحاڵێبوونی وەرگێڕەکە خۆی نابێت کاریگەریی لەسەر وەرگێڕانەکە هەبێت.
- وەرگێڕەکە نابێت هاوکات لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا ئەرکی تر لەخۆ بگرێت.
- وەرگێڕەکە ئەرکی نهێنیپاراستنی لەسەرە.

## ئەرکی ڕەهای نهێنیپاراستنی وەرگێڕەکە مانای ئەوەیە کە

- ئەرکی نهێنیپاراستن هەموو ئەو زانیارییانە ئەگرێتەوە کە وەرگێر هاوکات لەگەڵ ئەرکی وەرگێڕانەکەدا پێزانینی لەسەر ئەبێت.
- ئەرکی نهێنیپاراستنەکە لە پەیوەندیی لەگەڵ هەمووواندا برەوی هەیە، هەروەها باڵادەستان، هاوکاران و خێزانیش.
- ئەرکی نهێنیپاراستن ئەو کاتەش برەوی هەیە کە وەرگێڕەکە فەرمانەکەی کۆتایی پێهێنا.

## بۆ تۆ کە وەرگێڕ بەکارئەهێنیت، ئەمە مانای ئەوەیە کە

- تۆ بۆخۆت بەرپرسی لەوەی لە گوتوبێژەکەدا دەیخەیتەڕوو.
- وەرگێڕ بەرپرس نییە لە دروستی ئەو زانیارییانەی کە تۆ و لایەنی تری گوتوبێژەکە بەیەکتریان ئەدەن.
- وەرگێڕ ناتوانێت ئاگای لەوە بێت کە ئێوە بەیەکترتان گوتوە.
- وەگێر ناتوانێت نوێنەرایەتی هیچکام لە لایەنەکانی گوتوبێژەکە بکات.
- وەرگێڕ ئەرکبارە کە بێتە وەڵام کاتێک کە ئەو لایەنگر بوو، بەواتا گەر وەرگێڕەکە خزم، هاوسەر یان دەستگیرانی یەک لە لایەنەکان بێت، خۆی لە بابەتەکەدا لایەن بێت یان بۆ یەک لە لایەنەکان ڕۆڵبینەر بووبێت.
- وەرگێڕەکە ئەبێت بێتە وەڵام ئەگەر ئەو نەتوانێت وەرگێڕانەکە بەشێوازێکی دروست بەئەنجام بگەیەنێت.

کاتێک کە دوو لایەن بەتەمان لەگەڵ یەکتر دانوستەندن بکەن باڵام زمانێکی هاوبەشیان نییە، ئەوا وەرگێڕ میانچییەکی پێویستە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن گوتوبێژێک لە نێوان خۆیاندا بکەن.

ئامانجی گوتوبێژە وەرگێڕاوەکە ئەوەیە کە هەتا بکرێت لێکچوو بە گوتوبێژێکی ئاسایی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کە تۆ هەندێک شتت لە بیربێت کاتێک گوتوبێژ لە ڕێگەی وەرگێڕەوە ئەکەیت.

ئەم نامیلکەیە باسلێکردنێکی کورت لەبارەی فرمانی وەرگێڕەکە لە گوتوبێژەکەدا ئەکات و ئایا بۆ تۆ مانی چییە کە بەتەمایت لەڕێگەی وەرگێڕەوە گوتوبێژ بکەیت.

نامیلکەکە هەندێک شتی تریش لەخۆ ئەگرێت کە پێویستە تۆ بە تایەبەت کە کاتێک کە لەڕێگەی وەرگێڕەوە گوتوبێژ ئەکەیت بەسەرنج بیت تێیدا.

## گرنگە ئەمانەت بیربێت کاتێک
## لەڕێی وەرگێڕەوە گوتوبێژ ئەکەیت

- لەگەڵ لایەنی گوتوبێژەکەدا بدوێ، نەک لەسەر ئەو.
- ڕووبکەرە لایەنی گوتوبێژەکە ، نەک وەرگێڕەکە. تۆ نابێت بڵێیت "پرسیاری لێ بکە بزانە ئەیەوێت..." بەڵکو ڕاستەوخۆ پرسیار ئاراستە بکە "تۆ ئەتەوێت...". ئەوکاتە وەرگێڕەکە ئەمە وەرئەگێڕێت و گوتوبێژەکە زیاتر لە گوتوبێژێکی ئاسایی ئەچێت.
- گەر شتێک بۆ تۆ ڕوون نییە یان گەر تۆ دڵنییا نیت لەوەی کە لایەنی گوتوبێژەکە چی حاڵیبووە – ئەوا پرسیار لە لایەنی گوتوبێژەکە بکە و وەرگێڕەکەش پرسیارەکە وەرئەگێڕێت.

## پلان دابنێ بۆ ئەوەی ئەتەوێت بیڵێیت

- جەخت لەسەر ئەوانە بکە کە بۆ تۆ گرنگن.
- لە کورتی بیبڕەوە و دەرفەت بە وەرگێڕەکە بدە کە وەرگێڕانەکەی بکات. ئەوکاتە وەرگێڕانەکە وەک باشترین دروستە و لایەنی گوتوبێژەکە ئەتوانێت بە وەڵامەکانییەوە یان کۆمیتەکانییەوە بێتە ناو  گوتوبێژەکەوە – وەک چۆن مرۆڤ لە گوتوبێژێکی ئاساییدا ئەیکات.
- دەربڕینی خۆت بەڕوونی و ڕاستیانە بکە. گەر تۆ بۆ نموونە ، قسەی پێشینان بەکارئەهێنیت ئەبێت لە هەمان کاتدا ڕوونی بکەیتەوە  کە مەبەستت لە ناوەڕۆکەکەی چییە.

## بەوەش هووشیاربە

**کە دەربڕینی ڕووخسار و بە لەش دوواندن** کە لەباری ئاساییدا کۆمەک بە وشەکان ئەکن بایەخیان کەمترە لە گوتوبێژێکی وەرگێراودا. لەبەر ئەوە دانوستەندن لەڕێی وەرگێڕەوە زیاتر وەک گوتوبێژێکی تەلەفۆنییە، کە هەڵبەت ئێمە تێیدا تەنها دەنگەکە و وشەکانمان وەک ڕێنماییەک هەیە.

نیشاندانی هەستی کەسێکی تر بە **بزووتن** لەوانەیە مانای لێکجیاوازی لە کەلتوورەی زمانە جۆراو جۆرەکاندا هەبێت (وەک بۆ نموونە لەوانەیە سەرلەقاندن لە سویدیدا بەمانای "بەڵێ" بێت بەڵام لە شوێنی تر بەمانای "نەخێر" بێت. ئەبێت شتی لەم بابەتە ت لەبیربێت کاتێک دەربڕینی خۆت لەڕێی وەرگێڕەوە ئەکەیت.

**وەرگێڕان کارێکی ماندووکەرە** وەرگێڕەکە ئەبێت بەتەواوی خۆی لەسەر وەرگێڕانەکە چڕ بکاتەوە و ناتوانێت  لەلاوە ئەرکی تر لەپاڵ زمانییەوە جێبەجێ  بکات. وەرگێڕەکە لەچاو ئەوانی تردا کە گوتوبێژ ئەکەن خێراتر ماندوو ئەبێت و  لە کارەکەیدا  پێویستی بە پشوودان هەیە.

Att samtala genom tolk översättning till KURDISKA/SORANI (artnr 2016-4-12)
kan laddas nerfrån Socialstyrelsens webbplats
www.socialstyrelsen.se/publikationer

Socialstyrelsen